# پێویستی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی له کڕین و فرۆشتنەکاندا

لسماحة الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز – رحمه الله –
وەرگێڕانی: م/ عبدالوالي عبدالرحيم علي القرەجي

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه.

له پاشاندا: له ڕاستیدا خوای گەورە لەسەر موسڵمانانی پێویست کردووە کە ڕاستگۆ و دڵسۆز بن له هەموو کڕینو فرۆشتنەکاندا، وە درۆ کردن وفێڵ کردن و خیانەتی لەسەر حەرام کردوون، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەیە کە لە ڕاستگۆیی و دڵسۆزیی و گێڕانەوەی سپاردەکاندا خێرو چاکەی کۆمەڵگای تێدایە هەروەها هاریکاری کردنی بەسود لەنێوان تاکەکانیدا، وە ڕزگار بوون لە ستەمکاری هەندێکیان لە هەندێکیان وە دەست درێژی کردنی هەندێکیان بۆ سەر هەندێکیان، وە بە هۆی ئەوەی کە فێڵ کردنو خیانەتو درۆکردن خراپکردنی کاروباری کۆمەڵگەی تێدایەو دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێکیان ستەم لە هەندێکیان بکەن وە دەبێتە هۆی بردنی ماڵ و سامان بە ناحەق، وە دروست بوونی ڕق و کینە لەیەکترو دوورکەوتنەوە لەنێوان کۆمەڵگادا، هەر بۆیە لە فەرموودەیەکی صەحیحی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) هاتوە کە فەرموویەتی:

(الدين النصيحة ثلاثا، قلنا لمن؟ قال لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم)[1].

واتە: دین هەمووی ئامۆژگاریە، وتمان بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بۆ خوای گەورەو بۆ قورئانەکەی وە بۆ نێردراوەکەی وە بۆ پێشەوای موسڵمانان وە بۆ خەڵکی بە گشتی.

---

(١) (أخرجه مسلم في صحيحه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٤٩٦٦).

وه له هەردوو صەحیحەکەدا (واتە بوخاری و موسلیم) له جەریری کوڕی عەبدولآی بەجەلیەوه دەفەرمووێت: (بايعت رسول الله صلى الله عليه وسلم على إقام الصلاة وإيتاء الزكاة والنصح لكل مسلم)(2).

واته: پەیمانم دا بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەسەر ئەنجامدانی نوێژەکان وه پێدانی زەکات وه ئامۆژگاری کردن بۆ هەموو موسڵمانێك.

وه هەر له هەردوو صەحیحەکەدا هاتووه له حەکیمی کوڕی حیزام فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (البيعان بالخيار ما لم يتفرقا فإن صدقا وبينا بورك لهما في بيعهما وإن كتما وكذبا محقت بركة بيعهما)(٣) . واته: کڕیارو فرۆشیار سەرپشکن له رازی بوون یان پەشیمان بوونەوه تا لەیەك جیانەبوونەتەوه، وه ئەگەر له کڕینو فرۆشتنەکەیاندا ڕاستگۆ بوون وه چاکیو خراپی ماڵەکەیان بۆ یەکتری باس کردو خستیانه پێش چاو ئەوا خوای گەوره بەرەکەت دەخاتە ناو کڕینو فرۆشتنەکەیانەوه، وه ئەگەر عەیبەکانیان شاردەوه، وه درۆیان کرد له کاتی کڕینو فرۆشتنەکەدا ئەوا خوای گەوره بەرەکەتی ئەو کارەیان لەسەر هەڵدەگرێتەوه.

وه پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت: (هەرکەسێك فێڵ بکات له ئێمه نییە) وه له صەحیحی موسلیمدا هاتووه له ئەبو هورەیرەوه χ دەفەرمووێت:

أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) مر على صبرة من طعام فأدخل يده فيها فنالت أصابعه بللا فقال: يا صاحب الطعام ما هذا؟ قال: أصابته السماء يا رسول الله، قال: أفلا جعلته فوق الطعام حتى يراه الناس؟ ثم قال: من غش فليس منا)(٤) .

واته: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بەلای خواردنێکدا تێپەڕی کە دانرابوو لەناو شتێکدا ئەویش دەستی خستە ناو خواردنەکەوه لەو کاتەدا دەستەکانی تەڕاییەکی پێگەیشت وه فەرمووی: (ئەمە چییە ئەی خاوەنی خواردن)؟ ئەویش وتی: ئەوە ئاوی باران لێیداوه ئەی

---

(٢) (صحيح الترغيب والترهيب: ٧٥١ ).

(٣) (صحيح الجامع الصغير: ٢٨٩٦).

(٤) (رواه مسلم وابن ماجة والترمذي، وانظر: صحيح سنن الترمذي: ١٣١٥).

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەویش فەرمووی: (ئایا نایخەیتە بەشی سەرەوەی خواردنەکە هەتا خەڵکی بیبینێ؟ هەرکەسێك فێڵ بکات لەئێمە نییە).

ئەم فەرموودە ڕاستانەو ئەوەش کە لەو ڕوانگەیەوە هاتووە هەر هەمووی بەڵگەیە لەسەر پێویستی دڵسۆزی و ڕوونکردنەوە لە کڕینو فرۆشتندا، وە بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی درۆکردنو ساختە کردنو خیانەت لەو شتانەدا هەروەك چۆن بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕاستگۆییو دڵسۆزی هۆکاری بەرەکەتە لە مامەڵەدا، وە درۆو ساختەکردن هۆکاری نەمانیەتی، وە لە ئەمانەتو ڕاستگۆیی ئەوەیە کە ئەو عەیبانەی کە نادیارە ڕوونی بکەیتەوە بۆ کەسی کڕیار یان کەسی کرێچی وە دەرخستنی نرخی ڕاستی ئەو شتومەکە لە کاتێکدا کە لێی دەپرسرێت . وە ئەوە غەشو فریودانە کە زیادە بخرێتە سەر ئەو شتەی کە سەرپشك کراوی تێیدا یان زیادە بخەیتە سەر نرخی ئەو شتە بۆ ئەوەی کڕیار یان ئەوەی بە کرێ دەیبات ئەو پارە زیادەیە بدات یان نزیکی ئەو بڕە بدات، وە لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (ثلاثة لا يكلمهم الله يوم القيامة ولا ينظر إليهم ولا يزكيهم ولهم عذاب أليم: رجل على فضل ماء بالفلاة يمنعه من ابن السبيل، ورجل بايع رجلا بسلعة بعد العصر فحلف له بالله لأخذها بكذا وكذا فصدقه وهو على غير ذلك، ورجل بايع إماما لا يبايعه إلا لدنيا فإن أعطاه منها وفى وإن لم يعطه لم يف)[٥].

واتە: سێ کەس خوای گەورە قسەیان لەگەڵ ناکات وە تەماشایان ناکات لە ڕۆژی دواییدا وە پاکیشیان ناکاتەوە لە تاوان وە سزایەکی سەختیشیان بۆهەیە، پیاوێك لە شوێنێکی چۆڵەوانیدا لەسەر ئاوێکە کە لێی زیادە کەچی ڕێگری دەکات لەو ڕێبوارانەی کە بەلایدا تێدەپەڕن وە ناهێڵێت لەو ئاوە بەکار بهێنن، وە پیاوێك شتومەکێك بە پیاوێك دەفرۆشێت لەدوای عەسر وە سوێندی بۆ دەخوات بە خوا کە ئەوەندەو ئەوەندەی پێداوە ئەویش باوەڕی پێدەکات لە کاتێکدا ئەو درۆ دەکات، وە پیاوێك بەیعەت دەدات بە پێشەوایەك تەنها لەبەر خاتری دونیا ئەگەر ماڵی دونیای

(٥) (صحيح الجامع الصغير: ٣٠٦٨).

پێیبەخشێ ئەوا وەفا بە بەیعەتەکەی دەکات وە ئەگەر پێی نەبەخشێ ئەوا وەفا بە بەیعەتەکەی ناکات.

کەواتە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانان کە لەخوا بترسن لە هەموو مامەڵەکانیاندا وە خۆیان بەدور بگرن لە هۆکارەکانی توڕە بوونی خواو سزای سەختی کە بەڵێنی داوە بۆ ئەوانەی کە ساختەو فێڵو خیانەتو درۆ دەکەن، هەروەك چۆن پێویستە لەسەر هەموومان کە ئامۆژگاری یەکتری بکەین بە ڕاستگۆییو دڵسۆزیو تەقوای خوا لە هەموو کاروبارەکاندا . لەبەر ئەوی ئەوە خۆشبەختی دونیاو دوا ڕۆژی تێدایەو دەبێتە هۆی سافی دڵەکانو چاکسازی کۆمەڵگا، وە هەروەها دەبێتە هۆی خستنەوەی بەرەکەت لە مامەڵەدا وە ڕزگار بوون لە خواردنی حەرامو ستەمی موسڵمان لە براکەی .

وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: **(المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا ثم شبك بين أصابعه)**[٦].

واتە: باوەڕدار بۆ باوەڕدار وەکو دیوارێك وایە هەندێکیان هەندێکیان تۆکمەو توندو تۆڵ دەکەن وە پەنجەکانی کرد بەناو یەکدا .

وە فەرموویەتی:

**(مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم مثل الجسد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى)**[٧] .

واتە: وێنەی موسڵمانان لە خۆشەویستیو بەسۆزیو میهرەبانیدا لەگەڵ یەکتری وەکو وێنەی لاشەیەك وایە کە ئەگەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی ئەو لاشەیە توشی ئازار بوو هەموو لاشەکە توشی شەونخونیو تا دەبێت.

وە داواکارم لە خوای گەورە کە کاروباری موسڵمانان چاك بکات، وە دڵەکانیان کۆ بکاتەوە لەسەر تەقوا، وە سەرپەرشتیارەکانیان چاك بکات، وە ڕاستگۆیی بە هەموویان ببەخشێ، وە دڵسۆزیان

(٦) (مشكاة المصابيح: ٤٩٥٥).

(٧) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٠٨٣).

بکات لەهەموو کاروبارەکانیاندا وە هاریکاری یەکتری بکەن لەسەر خێرو چاکە، وە هـەر ئـەو خوایـە بەخشندەیە .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله و صحبه وسلم .

مجموع فتاوى و مقالات متنوعة: (١٠٣\٤ ، ١٠٤ ) .

**لە بەرهەمەکانی ماڵپەڕی ئاشتی/ کەرکوك**
**www.ashtyk.com**
ka.ashty@yahoo.com
**ژ.مۆبایل: ٠٧٧٠١٢٨٤٥٣١**